# هاردیسکی 2 ترابایتی پورتەیبل



وشــەی پورتەیبـــل بەو مانایە دێــت کە هەڵگرتن و ڕاگواستنی ئامێر یان پرۆگرامەکە ئاسانو بچـووك بێت، هارددیسـکی دەرەکی (خاریجی) داهێنانێکی نوێ بوو بۆ هەڵگرتن و خەزنکردن و ڕاگواسـتنی داتاکان، ئـەم داهێنانـە گۆڕانکارییەکی نوێی لەسیستەمی ڕاگواستن و هەڵگرتنی داتاکاندا پێکهێنا. هەرچەندە هاردیسکی دەرەکی پورتەیبل چەند ساڵێکە بوونی هەیە، بەڵام ئەو هارد دیسـکەی کە ئێستا باسـی دەکەین و بەرهەمی کۆمپانیای Western digitalە، داهێنانێکی نوێیە، چونکە هارددیسکەکە تەنیا ٢,٥ ئینجە و لەگیرفاندا جێگای دەبێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا توانای خەزنکردنی ٢ ترابایتی هەیە. ئەم هارددیسـکە شـوێنی USB٣ هەیە و زانیارییەکان بەخێرایی ٥ گیگابایت لەچرکەدا دەگوازێتەوە، جگەلەوەش هارددیسکەکە چەندین پرۆگرامی لەگەڵە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی زانیارییەکان لەرێگای دانانی کۆدەوە.



# تەبلێتێک بۆ سەیرکردنی فیلمە ڤیدیۆییەکان

تەبلێـت ئـەو ئامێرەیە کە بابەتێکی زۆرمان تایبـەت بەو لەو فایلی ئایتیدا بڵاوکردۆتەوە، ئەو ئامێرەیە کە ڕەنگە لەداهاتوودا شوێنی لاپتۆپ و مۆبایـل بگرێتەوە، چونکە لەیەك کاتـدا قەبارەیەکی بچووکی هەیەو ئەو دوو ئامێرانە لەخۆدەگرێت.. تەبلێتەکان سـایز و توانا و دیزاینیان وەك لاپتـۆپ جۆراوجۆرە.. تەبلێتی جـۆری ١٠S View pad یەکێکە لەو تەبلێتانە کە هەم هەرزانباییە و هەم کێشی کەمی هەیە و خاوەنی کارتی گرافیکی زۆر بەهێزە. شاشـەکەی لەمسـییە و ١٠ ئینجە. سیستەمی بلوتوسی لەسەرە، کەلێنی HDMI هەیە و کارت میمۆری ١٦ گیگابایتە. بەهۆی کەلێنی HDMIیەوە بەئاسانی دەتوانی ڤیدیۆییەکان بەFull HD لەسـەر تەلەڤزیۆن سەیر بکەی. کەلێنی USBیش ئەو هەڵە دەڕەخسێنێ کە فلاش میمۆری، ماوس و کیبۆرد لەسەر تەبلێتەکە دابنێی. تەبلێتەکە دەتوانرێت سـیمکارتی لەسـەر دابندرێت. هەروەها تۆڕی وایەرلەیسی GPRS, WiFiو بلوتوسی هەیە.

# بە فەرمانی دەنگ تەلەڤزیۆنەکەت کۆنترۆڵ بکە

داهێنانی ریمـۆت کۆنترۆڵێك کە فەرمانەکانی بە دەنگ ئەنجام بدات، زۆر لەمێـژە نییە لە جیهانی دیجیتالیدا باسـی لێوەدەکرێت و کۆمپانیای ئەپڵ یەکەم هەنگاوی لەمبارەوە نا و بەم دواییەش کۆمپانیای پاناسۆنێك کە کۆمپانیایەکی ژاپۆنییە و لە بەرهەمهێنانی ئامێری ئەلکترۆنیدا مێژوویەکی لەمێژینـەی هەیە هەنگاوی ناوە. کۆمپانیای ناوبـراو بەم دواییە لەگەڵ دامەزراوەی نیشتمانی نابینایان کاری دانیشتووە و هەوڵیداوە سیستەمێکی دەنگی بەرهەم بهێنێت کەلە سـەر تیڤیە هۆشمەندەکانی ناسراو بە viera دابندرێن.


سیسـتەمی ریمـۆت کۆنترۆڵی دەنگی ئـەو هەلە بـۆ بەکارهێنەران دەڕەخسـێنێ تا بەرزی و نزمی دەنگی تەلەڤزیـۆن، گۆڕینی کەناڵەکان، تۆمارکردنی پرۆگرامـی کەناڵێك و چەندین ئەرکی دیکە تەنیا بە دەنگ ئەنجام بدات.



# کۆمپیوتەرێکی سێ ڕەهەندی سەرنج راکێش

گـەر چاوێك بەجیهانـی تەکنۆلۆژیـای دیجیتالی سـەردەم وەك مۆبایلە هۆشـمەندەکان، تەبلێت، تەلەڤزیۆنی هۆشـمەند و ئامێرێکی دیکەی دیجیتالیدا بخشێنین، دەبینین گۆڕانکارییەکان زۆر بەخێرایی ڕوودەدەن. جیهانی کۆمپیوتەریش جیاواز نییـە لەتەکنۆلۆژیای دیکـە، لەم ماوەیەدا کۆمپانیای مایکرۆسـۆفت زۆرێك لەکۆمپیوتەری سـێ ڕەهەندی بەرهەم هێناوە کە مرۆڤ سەری لەو داهێنانە سوڕ دەمێنێ.

کۆمپیوتەرە سێ ڕەهەندییەکە تەواو شەفافە وەك شووشـەیەکی ڕوون دەچێـت. بەکارهێنەر دەتوانێت دەستەکانی لەناو شاشـەکەدا بگێڕێ، ئەو شتانەی کە لەسەر شاشەکە نیشان دەدرێن بەشـێوەیەکی مەجازی لەمسـیان بکات و تەنانەت بیانجوڵێنێ. هەروەها دەتوانێت ڕیزبەندی دانانی ویندۆکانی شاشـە بەویستی خۆی بەجوڵەی دەستەکانی بگۆڕێ.



سیستەمە نوێیەکەی مایکرۆسۆفت لەڕاستیدا پێکهاتـووە لەتەکنۆلۆژیای OLED و کۆنترۆڵی جوڵەیـی Kinect کـە کامێرایـەك جوڵـەی بەکارهێنەرەکە دەناسـێ و وێنەی سـێ ڕەهەندی بەپێی شوێنی بەکارهێنەرەکە نیشان دەدات.

# بە پرۆگرامێک مۆبایلەکەت بە خۆر شەحن بکەوە!



لەم دواییەدا پرۆگرامێك بەناوی Solar charger بەرهەمهاتووە کە دەچێتە سەر هەموو مۆبایلێك، ئەو پرۆگرامە بەخۆڕایی دەکرێت لەئینتەرنێت دایبەزێنی. بەهۆی پرۆگرامەکەوە دەتوانی شاشەی مۆبایلەکەت بکەی بەشەحنکەرەوەیەکی هەتاوی، واتە مۆبایلەکەت لەڕێگای تیشــکی خۆرەوە بەهۆی شاشەکەیەوە شــەحن ببێتەوە. بۆ هەمیشە لەکۆڵ گرفتی دابەزینی شەحن ببنەوە.

ئێوە دەســت ڕاگرن نەکەن، بەدوای دابەزاندنی پرۆگرامەکە بکەون، چونکە نزیکەی نیوملیۆن کــەس بەبێ ئەوەی کە ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی پرۆگرامەکە بخوێننەوە، پرۆگرامەکەیان دابەزاندۆتە سەر مۆبایلەکەیان، هەرچەندە خۆتان بڕیار بدەن لەدابەزاندنی پرۆگرامەکە، من تەنیا یەك شت دەڵێم.. ئەم بابەتە لەسەرەتاکانی مانگی نیساندا بڵاودەبێتەوە!



# لە چاویلکەکەتدا سەیری لاپەڕەکانی ئینتەرنێت بکە!

چەندین جار ســەبارەت بەداهێنانی چاویلکەی هۆشمەند لەم لاپەڕەی ئایتیدا بابەتمان بڵاوکردۆتەوە، پێدەچێت لەداهاتوویەکی نزیکدا بە بەرفرەیی لەهەمــوو جیهاندا ببیندرێن، تەنانەت کۆمپانیــای گوگڵیش لەم بوارەدا هەنگاوی ناوەو چاویلکەی هۆشــمەندی دروســت کردووە. لەم دواییەدا کۆمپانیای ئیپســۆنی ژاپۆنی نوێترین چاویلکەی هۆشــمەندی بەناوی Moverio BT-١٠٠بەرهــەم هێناوە کە دەکرێت بڵێن یەکەمین چاویلکەی ئەندرۆیدی جیهانە.

بەکارهێنەر دەتوانێت بەهۆی ئەو چاویلکەوە سەیری لاپەڕەکانی ئینتەرنێت بکات و ڤیدیۆ دوو ڕەهەندی و ســێ ڕەهەندییــەکان بەکوالیتی HDـەوە ببینێ. بەو هێدفۆنانەی لەسەر چاویلکەکە هەن دەنگیە پێویستەکان گوێ بداتێ. نیگەرانی ئەوە مەبن لەکاتی ســەیرکردنی ســایتێکی ئینتەرنێت سەرتان لەدیوار بدەن، چونکە جامی چاویلکەکە لەجۆری شەفافە و دەرەوە بەبێ گرفت دەبینی. لەهەمووی سەرنجڕاکێشتر ئەم چاویلکەیە سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە کە دەتوانی هەزاران پرۆگرام و گەمەی لەسەردابنێی، چاویلکەکە بۆ خەزنکردنی پرۆگرام و گەمەکان لەمیمۆری کارت ســوود وەردەگرێت.



# کاغەزی ئەلکترۆنی و داهێنانێکی نوێ

کاغەزی ئەلکترۆنی لەڕاســتیدا بەو شاشــانە دەگوترێن کە وەك کاغەز تەنکن و وەك کاغەزیش مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، واتە دەنوشــتێنەوەو لول دەدرێن، بەداهێنانی ئەو شاشــە تەنکانــە گۆڕانکارییەك لەبازاڕی کتێبی ئەلکترۆنیــدا پێك دێــت. کۆمپانیای LG نوێترین کاغــەزی ئەلکترۆنی داهێناوە کە دەتوانترێت بنوشــتێتەوە. کاغەزە ئەلکترۆنییەکە تەنیا ٧ ملم بارســتایەتی، کێشی شاشــە تەنکەکە تەنیا ١٤ گرامە. سەرەڕای ئەوەش شاشە تەنکەکە زۆریش مەحکەمە، لەتێستێکدا کە لەسەری کراوە لەبەرزایی ٥ مەتر فڕێدراوەتە خوارەوە و هیچیشی لێنەهاتووە.



## سایتێک فێری فیتەریت دەکات

زۆربەی زۆری ئەوانەی خاوەنی ئۆتۆمبێل و سەیارەی خۆیانن، بۆ بچووکترین گرفت و گۆڕینی پارچەیەکی بچووك لەکۆمپیوتەرەکەیان دەستەوستانن و لێی نازانن و پەنا بۆ فیتەر دەبەن، ئەوانەی بۆ یەکجار ڕوویان لەشوێنە پیشەسازییەکانی ئۆتۆمبێل کردووە دەزانن گرفتێك کە لەئۆتۆمبێلەکەیاندابووە ئەوەندە



سانا بووە کە ئەگەر هەندێك شارەزاییان هەبا و خۆیان ماندووکردبا، هەر بۆخۆیان چاکیان دەکردەوە.

ئەگەر تۆ یەکێکی لەوانەی حەز دەکەی سەبارەت بەدانانی پارچەکانی و گۆڕینی بەشەکانی ئۆتۆمبێلەکەت شارەزاییت هەبێت سەیری سایتی www.carcarekosk.com بکە. سایتێکی دەوڵەمەندە لەبواری فێرکردن ن دانان و گۆڕینی پارچەکانی ئۆتۆمبێلەکەت، ئەویش بەشێوەی گرتەی ڤیدیۆیی. کاتێك سایتەکەتان کردەوە ناوی کۆمپانیای ئۆتۆمبێلەکە و جۆری ئۆتۆمبێلەکە و ساڵی دەرچوونی ئۆتۆمبێلەکە دەنووسن، پاشان لیستێك لەگرتەی ڤیدیۆیی دەکرێتەوە باسی فێرکردنی گۆڕینی پارچەکانی ئۆتۆمبێلەکەت دەکات.

## شەحنکردنەوە مۆبایل و بەبێ وایەر




مۆبایل نزیکترین ئامێری تەکنۆلۆژیە لەمرۆڤ و بەجۆرێك ناتوانرێ بۆ کاتژمێرێکیش لەبەکارهێنەرەکەی دووربکەوێتەوە، بەو مێژووە کەمەی کە مۆبایل هەیەتی، مەبەست لەمێژووی داهێنانەکەی نییە بگرە، مێژووی پەرەسەندنەکەیتی، گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر سیستەم و دیزاین و تواناکانی داهاتوون، لەلایەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل هەوڵدراوە سیستەم و توانای نوێ بۆ پڕکردنەوە و شەحنکردنەوەی وزەی مۆبایل بەکار بێنن، دواترین هەوڵ لەلایەن کۆمپانیای سامسۆنگەوە بووە، کۆمپانیای ناوبراو بۆ مۆبایلی جۆری Galaxy S٣ سیستەمی شەحنکردنەوەی بێ وایەری داهێناوە، Galaxy S٣ سامسۆنگ لەریزی مۆبایلە پێشکەوتووەکان دێت، شاشەکەی ٧,٤ ئینجە لەجۆری HD. کاوەرکەی سیرامیکە، کامێراکەی ١٢ میگاپیکسلە لەهەمووی گرنگتر شەحنکردنەوەکەی بێ وایەرە. دەکرێت مۆبایلەکە ١ هەتا ٢ مەتر لەشەحنکەرەوەی دوور بێت و بەهۆی شەپۆلێکی موگناتیسییەوە شەحن دەبێتەوە.

## کامێرای Ubi بچوک و سەرنج ڕاکێش

کامێرای Ubi دوا داهێنان نییە لەتەکنۆلۆژیای کامێرای دیجیتالیدا، بەڵام هەتا ئێستا داهێنانێکی نوێ و سەرنجڕاکێشە، نەك لەبەر ئەوەی کە کامێراکە لەگەڵ بچووکیدا توانای زۆری هەیە، بگرە لەبەر ئەوەی کە ئێوە دەتوانن تەنیا بەپەنجەکانی خۆتان هەروەك لەوێنەکەدا دەیبینن چوارچێوەی وێنەکە بکێشن و کامێراکە وێنەیەك بەپێی چوارچێوەکە دەگرێت.

کامێرای Ubi لەسەری پەنجەکانتان دەخرێت و ئەمە شێوازێکی نوێیە لەوێنە گرتن کە بەشێوەیەکی سادە و ساکار ئەرکەکانی ئاسان کردۆتەوە. هەروەك ئاماژەی پێدرا ئێوە دەبێ کامێراکە لەسەری یەکێك لەپەنجەکانتان دابنێن، ئەو پەنجەیە دەبێتە ڕێنوێنی کامێراکە، پاشان بەپەنجەکانی دیکەتان چوارچێوەی وێنەکە دیاری بکەن، کامێراکە هەستەوەرێکی لەگەڵدایە کە مەودای نێوان کامێرا و ئەو دیمەنەی کە وێنەی دەگرێ دیاری دەکات و لەچوارچێوەکەی دەخات.






بە پەرەسەندن و بەرفرەبوونی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، زۆربەی پرسیارەکانیش کە ئاراستەی ئەم لاپەڕەیە دەکرێن تایبەتە بە فەیسبووك. یەکێك لەخوێنەرانی ئایتی پرسیاری ئەوە دەکات کە ئایا چۆن دەکرێت ئەو زانیارییانەی کە لەسەر پرۆفایلەکەم هەمە وەك دەق و وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی بتوانم یەکجێ لە فۆلدەرێکدا خەزنی بکەم، بۆ ئەوەی کە گەر ئەکاونتی فەیسبووکەمەم هاك کرا، یان گرفتی بۆ هاتە پێش و نەکرایەوە، زانیارییەکانم لەکیس نەچن؟

خوێنەری بەڕێز پرسیارەکەت لەجێی خۆیدایە، چونکە جار هەیە زانیاری زۆر گرنگ لەسەر پرۆفایلەکەت دادەنێی، بۆ خەزنکردنی گشت بابەتەکانی پرۆفایلەکەت ئەو هەنگاوانە بگرە بەر.

١. لەسەرەتادا بچۆ سەر بەشی Account Settings و دواتر لەخوارەوەی لاپەڕەکەدا، دوایین فەرمان لێبدە، ئەوە بە گوێرەی زمانی فەیسبووکەکەت، بەهەر زمانێك بێت ڕستەیەك هەیە کە ماناکەی ئەوەیە، «کۆپییەك لەزانیارییەکانی سەر پرۆفایلەکەت» ئەو فەرمانە لێبدە.

٢. کاتێك فەرمانەکەت لێدا، لاپەڕەیەکی دیکە دەکرێتەوە کە لەبۆکسێکی سەوزدا نووسراوە start my archive دواتر ئەو فەرمانە لێبدە.

٣. پاشان فەیسبووك مەسێجێك دەنووسێت کە زانیارییەکان لەمەولا بۆ ئیمەیلەکەت بەرێ دەکرێن.

٤. دەبینی هەموو زانیارییەکان لە فایلێکی zipدا بۆ پرۆفایلەکەت هاتوون، فایلەزیبەکە دابەزێنە و گشت پرۆفایلەکەی تۆی تێدایە.



# کۆمپیوتەری بێ کەیسی سێ ڕەهەندی

خاڵێکی بەهێزی سەرکەوتنی کۆمپیوتەری Apple لەوەدا بوو، کە هەر لەسەرەتاوە یەکپارچە بوو، واتە شاشە و کەیس یەك پارچەبوون، بەڵام کۆمپیوتەری ویندۆز هەتا ئەم دواییانە پارچەکانی هەمووی لێك جیابوون.

کۆمپانیای HP کۆمپیوتەرێکی یەکپارچەی بەرهەم هێناوە کە توانای نیشاندانی سێ ڕەهەندی هەیە، کۆمپیوتەرەکە بەجۆری Touch smart ٦٢٠ ناسراوە، ئەو کۆمپیوتەرە لەراستیدا یەکەمین کۆمپیوتەری یەك پارچە واتە (All in one)یە لەجیهاندا کە سێ ڕەهەندی بێت.

کۆمپیوتەرەکە شاشەکەی ٢٣ ئینجە و نیشاندانەکەی Full HDیە. بۆ ئەوانەی کاری گرافیکی دەکەن یان ئۆگریان بەگەمەکردنی ئەلکترۆنی هەیە، کۆمپیوتەرێکی سەرکەوتووە بۆ ئەم بوارانە. شاشەی سێ ڕەهەندییەکە دەتوانرێت تا گۆشەی ٦٠ پلەش بگۆڕدرێت، کامێرایەك کە لەپێشەوەی کۆمپیوتەرەکەیە دەتوانێت فیلمی ڤیدیۆیی سێ ڕەهەندیش نیشان بدات، جگەلەوەش کۆمپیوتەرەکە تیۆنەری تەلەڤزیۆنی هەیە و بەکارهێنەر دەتوانێت وەك تەلەڤزیۆنیش سوودی لێوەربگرێت. پرۆسیسەرەکەی جۆری Core i٥ە و ڕامەکەی ٨ گیگابایت و هاردەکەی ١,٥ ترابایتە.

# دەنگ وەک لەیزەر بەرێ بکە



ئەگەر نیازت هەبێ لەگەڵ یەکێك لەم بەری شەقام قسەی بکە یان بانگی یەکێك لەدوورەوە بکەی بەجۆرێك کە تەنیا کەسەکە ببیستێ و یان ئەوانەی لەنزیك ئەو شوێنەن کە ڕووی دەنگی ئێوە لەو شوێنەیە، لەکاتێکیدا وا دا چ دەکەی، بڵێی داهێنانی تەکنۆلۆژییەك کە دەنگ وەك لەیزەر بەرێ بکات خەیاڵ نەبێت!

لەجیهانی تەکنۆلۆژیای دیجیتالیدا هیچ شتێك لەبازنەی خەیاڵدا نامێنێتەوە، ئەوەتا سپیکەر (بڵندگۆ)ێك بەرهەم هاتووە کە دەتوانێت دەنگ تەنیا لەیەك لایەوە بەرێ بکات، بەهۆی ئەوەوە دەنگ وەك گوللە بەرێ دەکرێت، کاتێك کە قسە دەکەی دەنگەکە تەنیا دەگاتە گوێی ئەو کەسە و کەسانی دیکە نایبیستن. داهێنەری ئەو سپیکەرە دەڵێت، ئەو داهێنانە بۆ گاڵتەکردن و ڕابواردنیش بەخەڵك دەبێت، بەجۆرێك کە دەنگ بۆ یەکێك بەرێ دەکەی کەسەکە وا هەست دەکات زرنگانەوەی گوێچکەی خۆیەتی.. سپیکەرەکە دەتوانێت دەنگ هەتا ٩ مەتر بەرێ بکات.